ناتەبایی

تێیکە .. بەژنێك .. دوو بەژن

شێتی وەرزی بەفرانبارە ئەو رۆحەی من

دەبا لە ژێر سیپاڵی سپی تۆدا

رۆحی رەشمان داگیربێت و ..

هێدی هێدی لە گوناهەکان پاك بینەوە

ئەی فرمێسکی لە ئاسمان داکەوتووی فریشتە دڵساردەکان

ئەی رۆندکی قەهری خودا و ..

هەورە لە سەفەر ماندووەکان

بباریێ .. دە بباریێ .. کلوو .. کلوو .. نا

تەغار .. تەغار

دەنا قەت فریا ناکەویت

ئەو هەموو پەڵە پیسە و .. دڵە ڕەشانە سپی کەیتەوە

بۆ گوناهی تەنها رۆژێکمان ..

گەرەکە هەزار ساڵا بباریێی ..

دەنا زەحمەتە .. نا .. مەحاڵە پابوونەوەمان

دەی بباریێ .. غەمگینانە ..

بەسەر خەرمانی ئەو گوللەو تۆپانەی..

بۆ ڕاوی ئێمە کەڵەکە کراون ....

بەسەر ئەو گۆڕانەی ئامادە بۆ ئێمە ... هەڵکەنراون

چ بێباکانە دادەخزێی .. دایدەپۆشیت

جێگەپێی فریشتە و .. گشت ئەهریمەنەکان

بەسەر چەتری سیخوڕان و ... هەم کەڵەمێردان

بباریێ بەسەر مەزاری ئەو فاڵچییانەی تا مردن

نووشتەی درۆیان بۆ قەیرەو بێوەژنە هەناسەساردەکان ..

دەنووسییەوە

بەسەر ئەو کۆشکانەی دەنێویدا تا بەرەبەیان

پیاوانی قومار لەسەر خەون و ژنەکانیان دەکەن

گەرەکە سەدان ساڵا بباریێ

تا کوورەی رقی نێو دڵی ساوایەك سارد دەکەیتەوە

چ بێباکانە دادەخزێی

بەسەر قەفەزی مەلە دیل و رەنگینەکان

دارستانی پڕ لە درندە و .. نێچیرەکان

چ ناتەبایە سەمای شەنگ و ناسکی تۆ .. ناتەبا

لەگەڵا تێکچڕژانی ئەو هەموو هەرا و جەنگەی وا ..

لە نێو دڵا و سەر جادەکان

تۆ گەرەکتە چ دەرسێك بە پیاوکوژەکان بڵێیتەوە

ئەوانەی وان تەیار و ئامادە ..

دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکان

بۆ کوشتنی هەر کلووە بەفرێك وان لەسەرپێ ..؟

چ نارێك و ناتەبایە سیپاڵی سپی تۆ و ..

رۆحی رەشمان ..!

چ ناتەبایە .. چ ناتەبا ..!

سلێمانی. بەفرانباری/ 1992